Göteborgs Stad

ژیانێکی خۆش بۆ هەمووان
پشتگیری کەسی نزیک



**Information om anhörigstöd på sorani**

# ئایا تۆش پشتگیری کەسێک دەکەیت؟

## ئێمە لە مەڵبەندی پشتگیری لەبەر دەستانین!

# بۆ تۆ کە پشتگیریی کەسێکی نزیکت دەکەیت

ئایا تۆ کەسێکی نزیکت هەیە، لە خۆت گەنجتر یان پیرترە، کە بە هۆکاری نەخۆشی، ئاڵوودەیی، خوپێوەگرتن، لە ڕووی جەستەیی یان دەروونیەوە خاوەن پێداویستی تایبەتە و پشتگیری تۆی پێویستە؟

ڕەنگە کەسە نزیکەکەت ئەندامێکی خێزانەکەت ،

خزم، دراوسێ یان هاوڕییەکی باشت بن. تۆ وەک

کەسوکار گرنگیت و خزمەتگوزاریەکی بە نرخ  ئەنجام دەدەیت

و هەندێک جار تەنانەت خۆشت پێویستیت بە پشتگیریە.

ئەرکەکانمان لە سەر بنەمای یاسای خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان بەندی 5، پەرەگرافی 10§ بنیات نراوە:

"......دەشیت پشتگیری پێشکەش کرێت بۆ کارئاسانیکردنی ئەو کەسانەی چاودێری کەسێکی نزیکیان دەکەن، کە نەخۆشیەکی درێژخایەنیان هەیە یان پیرن یان پشتگیری کەسێکی نزیکی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکەن."

لەم ماڵپەڕانەدا بەدوای (پشگیری کەسوکار)  "anhörigstöd"دا بگەڕێ، ئەگەر تۆ خوازیاریت زیاتر بزانیت:

**goteborg.se**
**socialstyrelsen.se**
**anhoriga.se**
**1177.se**

# ئایا تۆ دەخوازیت دەربارەی بارودۆخەکانت لەگەڵ کەسێکدا بدوێیت ؟

لە شارەوانی یۆتۆبۆری کەسانێک هەن کە لەگەڵ پشتگیریکردنی کەسوکاردا کاردەکەن. دەتوانیت ڕوو بکەیتە لای ئێمە بۆ وەرگرتنی زانیاری، ڕێنمایی و پشتگیری. دەکرێت پشتگیریکردنی کەسوکار بە شێوەی بۆ نموونە وتووێژ، وانەگوتنەوە، خوێندن و فێرکاری بدرێت بە گرووپی کەسوکاران یان تەنها یارمەتیدان بێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ڕاست.

تۆ کە پشتگیری کەسێک دەکەیت هەروەها ئەو کەسەش کە پشتگیریەکە وەردەگرێت هەر دوولاتان مافی ئەوەتان هەیە هەر کەسە بۆ خۆی داخوازی یارمەتی لە فەرمانگەی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان (سۆشیال) بکات. ڕەنگە یارمەتیەکان بریتی بێت لەوەی کەسێک بێت لەماڵەوە یارمەتی بدات ئەو کاتەی دەتەوێت لەوێ نەبیت، بۆ کاروباری ڕۆژانە یان جۆرە خزمەتگوزاریەکی تر.  دەشێت پشتگیریەکە بە پێی هەلومەرجی کەسەکە بگونجێنرێت. ئەگەر تۆ پێویستت بە جۆرێک لە جۆرەکانی موتەرجیم هەیە، ئەوا ئێمە یارمەتیت دەدەین و بۆت دەگرین.



# بەخێربێن بۆ پەیوەندیکردن بە ڕاوێژکاری کەسوکارەوە

تۆ دەتوانیت زانیاری زیاتر دەربارەی پشتگیری کەسوکار و جۆرەکانی پشتگیری

لە لای ڕاوێژکاری پشتگیری کەسوکار بەدەست بهێنیت.

**ئایا تۆ پشتگیری کەسێک دەکەیت کە لە ژێر 65 ساڵەوەیە و**

**دەخوازیت پەیوەندیت لەگەڵ ڕاوێژکاری پشتگیری کەسوکاردا هەبێت؟**

**تەلەفۆن:** 365-031 50 30

**ئیمەیڵ:** anhorigstod.under.65@funktionsstod.goteborg.se

**ئایا تۆ پشتگیری کەسێک دەکەیت کە لە سەروو 65 ساڵەوەیە و**

**دەخوازیت پەیوەندیت لەگەڵ ڕاوێژکاری پشتگیری کەسوکاردا هەبێت؟**

**تەلەفۆن:** 365-031 00 00

سەنتەری پەیوەندیەکای شارەوانی یۆتۆبۆری.

پرسیار لەسەر  ڕاوێژکاری پشتگیری کەسوکار بکە لەو ناوچەیەدا کە تۆ یان کەسێکی نزیکت لێی دەژین.

بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی پشتگیری کەسوکار، یان دۆزینەوەی زانیاری بۆ پەیوەندیکردن بە ڕاوێژکاری پشتگیری کەسوکار لە ناوچەکەتدا، بچۆ بۆ ناو  پشتگیری بۆ کەسوکار Stöd till anhöriga یان سکان لەسەر ئەم کۆدی QR خوارەوە بکە.

**پەیوەندی من**

.................................................................

.................................................................

.................................................................

Göteborgs Stad 230622-004-161 Webb November 2023